# دەربارەی رزگاری

حزبی رزگاری کوردستان ، حزبێکی نیشتمانی دیموکراتی پێشکەوتنخوازە ، خەباتی نەتەوایەتی و چینایەتی بەیەکەوە گرێدەدات و لە ژێر رۆشنایی سۆسیالستی زانستی هەنگاو هەڵدەگرێتەوە ، هاوکات پەیڕەوی لە سۆسیالیزم و دیموکراسی دەکات .. لە پێناو کوردستانێکی سەربەخۆو گەلێکی بەختیاردا ، خەبات بۆ سەربەخۆیی و دیموکراسی و دادی کۆمەڵایەتی دەکات .هەروەها بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەی کوردستان دروشمی بەڕێوەبردنی ریفراندۆمی بەرزکردۆتەوە و پێی وایە دەبێ تەواوی کێشەکان لە ڕێگەی دایۆلۆك و دانوستاندن چارەسەر بکرێن. هەروەها باوەڕی بە خەباتی رێکخراوەیی و راگەیاندن و دیپلۆماسی و کاری جەماوەری هەیە و خەباتی چەکداری و میلیشیای حزبی رەت دەکاتەوە.

حزبی رزگای یەکەمین راگەیاندنی خۆی لە ١٩٩٣/٨/١٥ دا بڵاوکردەوە و درێژەپێدەری پارتی گەلی دیموکراتی کوردستانە کە لە ١٩٨١/٧/٢٦ دا دامەزرابوو. پارتی گەل لە ١١٩٢/٨٠/٢٠ دا لەگەڵ حزبی سۆسیالستی کوردستان و پاسۆك یەکیان گرت و حزبی یەکگرتنی کوردستانیان دروست کرد، بەلام یەکگرتن تەمەنی درێژ نەبوو، لەبەر ناکۆکی و نەگونجانی ئەندامانی سەرکردایەتی ، بڕیاری دا یەگکرتن هەڵبوەشێنێتەوە ،بەلام دەستەیەك کادیری دووەمین کۆنگرە بڕیاریاندا بمێننەوە و درێژە بە خەبات و تێکۆشان و کاروانی رابردوویان بدەن ، ئەوەبوو لە نێو دووەمین کۆنگرەی حزبی یەکگرتنی کوردستان کە لە رۆژانی ١٤ و ١٥ ی١٩٩٣/٨ بەسترا، دەستەی کادیران مانەوەی خۆی راگەیاندو سەرکردایەتی بەلادەستیش رۆژی ١٩٩٣/٨/١٦ چوون بۆ ناو پارتی دیموکراتی کوردستان .. زۆربەی ئەو کادیرانەی مانەوەو حزبی رزگاریکوردستانیان راگەیاند پێشتر لە پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان کارو خەباتیان کردبوو.

حزبی رزگاری کوردستان یەکەمین کۆنگرەی خۆی لە نێوان رۆژانی ١٥-١١٩٥/١١/١٨ دا لە شاری هەولێر بەست . هەروەها ئیجازەی کارکردنی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەرگرت و وەك حزبێکی یاسایی درێژەی بە کاری سیاسی خۆی دا.

حزبی رزگاری یەکەمین رۆژنامەی خۆی بەناوەی( ڕێگەی رزگاری ) لە ١٩٩٣/١٠/١٧ دا چاپ و بڵاوکردەوە ، ئەم رۆژنامەیە تەنیا ١١ ژمارەی لێ دەرچوو، دواتر راوەستێنرا.. ئێستاش هەفتەنامەی ( رۆژیگەل )و گۆڤاری ( پێشەنگ ) بڵاودەکاتەوە.

حزبی رزگاری باوەڕی بەخەباتی بەرەیی هەیەو لەو پێناوەدا تێدەکۆشێ و دروشمی هاوپەیمانی شۆرشگێڕانەی نێوان چینەکانی کۆمەڵی هەلگرتووە. هەروەها بۆیەکخستنی هێزو توانی چەپەکانی کوردستان ئامادەیی هەرجۆرە کارو چەتری هاوبەشی لەگەڵ چەپەکانی کوردستاندا هەیە ،بۆ یەکخستنی هێز و توانای سەربەخۆخوازەکانیش ئامادەیی کارو بەرەی هاوبەشی لەگەڵ لایەنە سەربەخۆخوازەکانی کوردستان هەیە و باوەڕی وایە تا هێزو توانای کوردستانیان یەك نەخرێت دۆزی رەوای کوردستان بە مرۆڤ و خاکەوە بە سەرکەوتن ناگات . لەو پێناوەدا بەشداری لە کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان( ك ن ك )دا کردو بەردەوام کاری تێدادەکات . حزبی رزگاری باوەڕی بەدیاردەی فرەحزبی هەیەو پێی وایە دیاردەیەکی راست و رەواو هاوچەرخانەیە .